# پێنج هەناسە شیعری لانگستۆن هیوز

لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

**لێبوکی ڕەش**

من لێبوکێکی ڕەشم
ئەو کچە منی خۆشناوێ
بۆیە دەخزێمە تاریکی شەوەوە
وە هەروەها شەویش ڕەشە وەک من.

من لێبوکێکی ڕەشم
ئەو کچە منی خۆشناوێ
لەبەر ئەوە تا کازیوە دەگریم
لە بەرزاییەکانی خۆرهەڵات خوێن دەچۆڕێ
وە دڵیشم هەروەها خوێنی لێدەچۆڕێ.

من لێبوکێکی ڕەشم
ئەو کچە منی خۆشناوێ
ڕۆژێکم دەوێ دڵم شاد بێت
ڕۆحم وەک باڵۆنی بێ هەوا بچووکدەبێتەوە
من دەچمە دەرەوەی بەیانی
بۆ گەڕان بەدوای عەشقێکی براونیدا.

**سپیپێست**

من قینم لە تۆ نییە،
هەروەها ڕوخساریشت جوانە.
من ڕقم لە تۆ نییە،
ڕوخسارت ڕووناکی عەشقە، هەروەها شەوق دەداتەوە.
ئێستا بۆ ئازارم دەدەی؟
ئۆه، ئەی سپیپێستی بەهێز،
بۆ دەمچەوسێنیتەوە؟

## دڵڕفێن

دانەکانی ئەو کچە سپییە وەک شیری سێو،
لێوەکانی ڕەشە وەک هەڵوژەی گەیو.
خۆشم دەوێ.
قژی ئەو کچە ڕەشە وەک نیوەشەو، تەڵخ وەک کازیوە.
خۆشم دەوێ.
پێستی ئەو کچە قاوەییە وەک گەڵای داربەڕووی پایز
بەڵام ڕەنگێکی ناسک
دەخوازم ماچی بکەم.

## گۆرانی عەشق بۆ ئەتۆنیۆ

گەر گۆرانی بڵێم
هەموو گۆرانیەکانم بۆتۆیە
هەرچەندە تۆ گوێیان لێناگریت،
گەر من بینا بکەم
هەموو ماڵی خەونەکانم بۆ تۆیە،
وە هەرگیز تۆ لەناویاندا ناژیت،
گەر من ببەخشم
هەموو ئومێدەکانم بۆتۆیە
تۆ پێدەکەنی و دەڵێی: گرنگی پێنادەم،
ئێستا من عەشقم دەبەخشم بەتۆ
کە زیاترە لە گۆرانیەکانم،
زیاترە لە ماڵی خەونەکانم
خەونی ماڵەکانم
من تا ئێستا عەشقم بە تۆ دەبەخشم
هەرچەندە تۆ هەرگیز تەماشام ناکەیت.

**لەکاتی بارانە زیوینیەکەدا**

زەوی جارێکیتر دەژێتەوە
سەوزەگیا گەشە دەکات
گوڵەکان سەردەردێنن،
لەسەر هەموو ئەوانەوە
پرسیارێک سەرهەڵدەدات
ژیان،
ژیان،
ژیان!

لەکاتی بارانە زیوینیەکەدا
پەپوولەکان
باڵە نەرمەکانیان بەرز دەکەنەوە
بۆ گەیشتن بە گریانی پەلکەزێرینە
درەختەکان بەرزدەبنەوە
گیای نوێ گۆرانی دەڵێ
خۆشی لەژێر ئاسمانا
لەژێر پەلکەزێرینەدا
کچان و کوڕان تێدەپەڕن
هەروەها دەڕۆن و گۆرانی دەڵێن،

لەکانی بارانە زیوینیەکەدا، کاتی بەهار
ژیان
نوێدەبێتەوە.

.................................

AMERICAN MODERN POETRY 1981